## گەورەترین وێستگەی شەمەندەفەر لە ئەوروپا دەكرێتەوە ... ئەندازیار نەریمان محمد گەلاڵی



بەر لە دەسپێكردنی مۆندیالی 2006 و لە چوارچێوەی خۆئامادەكرنەكانی ئەم مۆندیالە خاتوو (ئەنگێلا مێركل) ڕاپرسكاری ئەڵمانیای فیدرال بە ئامادەبوونی چەندان لێپرسراوی حكوومی و زیاتر لە نیو ملیۆن هاولاتی گەورەترین وێستگەی شەمەندەفەر لە ئاستی ئەڵمانیاو ئەوروپا لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا كردەوە كە ناوی (هاوپت بانهۆف) ە واتە وێستگەی سەرەكی و واچاوەڕواندەكرێت كە رۆڵێكی چالاك ببنینێت لە بەیەكگەیاندنی ڕۆژهەلات و رۆژئاوای ئەوروپا.

ئەم پرۆژە مەزنە نزیكەی دە ساڵی خایاند و هەموو كۆمپانیا جیبەجێكەرەكان لە پێشبڕكێیەكی زۆر گەورەدابوون لەگەل كات تا بتوانن لە كاتی خۆی كارەكان بە كۆتا بگەیەنن و پێش دەستپێكردنی یاریەكان تەواوی بكەن.

ئەو وێستگەیە لە پێنج نهۆم پێكهاتوەو بە نەخشە زۆر نایاب و ئەندازەییەكەی وەك تابلۆیەكی هونەری خۆی دەنوێنێ، ڕووپۆشی سەربانی نهۆمی سەرەوە كە لە شێوەی بڕگەیەكی ئیلیپسی شووشەیی ئەوەندە گەورەیە لە هەموو لایەكەوە گەشتیار بۆ خۆی ڕاكێش دەكات ئەوە سەرەڕای هۆڵە گەورە سەرەكیەكەی كە زۆربەی هەرە زۆری بڕگەكانی لە لەوحەی شووشەیی ڕوونن و گەشتیار لەسەرەوە تا ژێری ژێرەوە بە هەموو جوولەی شەمەندەفەرەكانەوە دەبینێت وەكو ئەوەی خۆی لە ناو چەرخوفەلەكێكی زۆر گەورە بێت و سەیری خوارەوە بكات!. كۆی ڕووبەری ئەو وێستگەیە 70 هەزار مەتری چوارگۆشەیە كە دەكاتە رووبەری نزیەكەی سێ تا چوار یاریگای نێودەولەتی و 500 هەزار تۆن كۆنكرێت و 85 هەزار تۆن شیشی لێ سەرف كراوە ئەوە سەرەڕای نزیكەی 9200 لەوحەی شووشەیی كە هەر یەكەیان 6 مەتری چوارگۆشەن لە جیاتی دیوار بۆ زیادكردنی سپەیسی ناوەوە، لە سەربانی وێستگەكەش كەڵك لە ڕووبەرێكی زۆری وەرگیراوە بۆ پەیدا كردنی كارەبا لە تیشكی خۆر كە بۆ ئامێرە كارەباییەكانی ناوەخۆی بەكاردەهێنرێتەوە. جگە لەمانە ش 54 پلیكانە ی كارەبایی ئۆتۆماتیكی بۆ دانراوە لەگەڵ 49 ئاسانسۆری كارەبایی. ئەو پرۆژەیە 700 ملیۆن یۆرۆی تێچوەو لە كۆی ئەو دە ملیار یۆرۆیەی كە لە هێلەكانی ئاسنی نێو ئەو شارە سەرف كراوە پاش یەكگرتنەوەی هەردوو بەشەكەی. بە گەڕخستنی ئەو وێستگەیە لەسەر هێلە بازنەییە سەرەكیەكەی بەرلین كە سیماو تایبەتمەندیەكی ئەو شارەیەو لە هیچ پایتەختێكی تر بوونی بەو شێوەیە نیە، ئاسانكاریەكی زیاتر لە گەیاند دروستدەكات و هاوتایە لەگەڵ خواست و پلانی نوێی گەیاندنی لەو شارە.

مەزندە دەكرێت كە ڕۆژانە لە لایەن 1100 شەمەندەفەری هاتوو و ڕۆیشتوو بەكاربهێنرێت، بەڵام ژمارەی ئەو كەسانەی بەكاری دەهێنن دەگاتە زیاتر لە 300 هەزار كەس لە ڕۆژێكدا بۆیە بە پڕۆژەیەكی گرنگ و زیندەگی دەژمێردرێت بۆ ئەو شارەی كە پێی دەڵێن دڵە بەخورپەكەی ئەڵمانیا و سێنتەری ئەوروپا!.

لە بەرلین و لە زۆربەی شارەكانی تری ئەڵمانیا تێچوونی باڵەخانەو پرۆژەكان لە ڕووی پارەو كاتەوە زۆر زیاترە بە بەراوورد لە گەڵ لای خۆمان ئەوەش لەئەنجامی ئەوەی كە چاڵەكانی بناخە لە قووڵی 5 تا 6 مەترەوە پڕ ئاوی ژێر زەوی دەبن، بۆیە دەبێت بە ڕیگەیەكی هەندەسی ئاڵۆز چارەسەر بكرێن.

سەرەتا لە سنووری هەموو پڕژەكە لەوحەی ئاسنی زۆر بەهێز بە هۆی كوتانەوە تا قووڵی 10 تا 15 مەتر دەبردرێتەخوارەوە كە پاش هەڵكەندن ڕۆڵی دیوارێكی بەهێزی ڕاگر دەبینێت ئینجا دەست دەكرێت بە هەڵكەندنی سەرتاسەری هەموو زەوی پرۆژەكە بە هۆی ئەو حەففارانەی كە هەر لە سەرەتاوە تەوافەیان بۆ ئامادەدەكرێت چونكە هەر لە دەسپێكەوە دەبێتە گۆمە ئاوێكی گەورە.

باشترین سیستەم پایلە كە بۆ ڕاگرتنی بناخە پێكەوەییەكان بەكاردەهێنرێت دوایی كۆنكرێتێكی یەكجار زۆر لە ژێر ئاوی بناخەكە بە هۆی چەند غەواسێكەوە ڕوو دەكرێت و پاش ڕەق بوونی كۆنكرێتەكەو و هەڵێنجانی ئاوی سەرەوەی كۆنكرێتەكە جارێكی تر بەڵام پاش ڕاخستنی چەندان تەبەقە لە لبادی قیری دژی ئاوو شێ تا ڕاددەی پێویست كۆنكرێت دەكرێتەوە.

زۆربەی كاتی ئەو دەساڵەی خایاندنی پرۆژەكە و تێچوونی لەئەنجامی بناخەكانی ژێرەوە بوو كە ڕاستەوخۆ كەوتونەتە سەر زێی شپرێ كە بە ناوەڕاستی ئەو شارەدا تێپەڕدەێت.